# له چواله عاشقتر ...!

**دلاوەر قەرەداغی**

له تۆدا دێم

لەتۆدا دەبارم

لەتۆدا دەنۆڕم

لەتۆدا تووڕە دەبم

لەتۆدا دەنووسم

لەتۆدا دەڕەومەوە و

لەتۆدا ون دەبم!

هەر تۆ بەدەرەوەیت و بەفر

هەر تۆ بەدەرەوەیت و من

هەر من بە دەرەوەم و کۆتایی
هەر ئێمە بە دەرەوەین و مردن

دێم بۆ لات
لەگەڵ بارینی یەکەمین بەفردا دێم
لەگەڵ هەڵکردنی یەکەمین کرێوەی پیرییدا
کاتێك دێم
کە دڵتەنگیی دەمتەنێ
کاتێك دێم
کە خەیاڵێك لە مردن تەنکتر
دێتە ژێر باڵم
وەسوەسەم دەکا و بە چرپە
ناوی تۆم پێدەڵێ!

لە دڵما هەڵتدەگرم
لە چاوما دەتشارمەوە
لەسەر لەپی دەستم ڕۆتدەکەم
بە هەتاو دەتشۆم

دەتخەمە رستەیەکەوە نیهادی فڕین و گوزارەی فڕین
دەتنێمە زمانێکەوە ئەوەڵی ئەوین و کۆتایی ئەوین
به گەورەیی لەسەر کۆلارەیەك دەتنووسم
نەختێکت بەشی پەپوو
بەشی حاجی لەقلەق
بەشی فیل
بەشی مێرووله و شته گچکه جوانەکان دەدەم
له پەڕی هەڵاڵەیەکتەوە دەپێچم
له لێواری کتێبێکدا دەترووێنم
لەژێر باڵی خاڵخاڵۆکەیەکدا داتدەنێم
له گوڵدانێك فرمێسکدا،
ئێوارەیەك بەزەریات دەسپێرم!

هەموویان لەیەك دەچن
قسەیان هەمان قسه
روخساریان هەمان روخسار
سەفەریان هەمان سەفەر
ئەوینیان هەمان ئەوین

شەڕیان هەمان شەڕ

مردنیان هەمان مردن

بارانیان هەمان باران

شیعریان هەمان شیعر و

نیشتیمانیان هەمان نیشتیمان

تۆ جیاوازترین قسە

تۆ جیاوازترین روخسار

تۆ جیاوازترین سەفەر

تۆ جیاوازترین ئەوین

تۆ جیاوازترین شەڕ

تۆ جیاوازترین مردن

تۆ جیاوازترین باران

تۆ جیاوازترین شیعر و

تۆ جیاوازترین نیشتیمان!

ئۆکتۆبەری **2004**